سانسۆر و سزاو، دراماو سینەمای ئێرانی.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

سینەما و دراما لە ئێراندا کە دوو هونەری کاریگەرو کارتێکی بەهێزو ئەکتیڤی خەڵکاوەرین بۆ هوشیار کردنەوەو تێگەیشتن، بەردەوام ڕووبەڕووی سانسۆرێکی توند دەبنەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.
بەپێی ئەو یاسایەی بۆ سینەما دەرکراوە، چەندین خاڵی سنووردارکردنیان لە ناوەڕۆکدا بۆ دانراوە، بۆ دنیابوون لەوەی کە ئەو بەرهەمە درامی و سینەمایانەی بەرهەم دەهێندرێن، لەگەڵ ڕەوتی ئایینی و کولتووری کەماری ئیسلامیدا بگونجێت.
ئەم سنووردار کردنانە بریتین لە: قەدەغەکردنی وێنەگرتنی ژنانی بێ حیجاب.
قەدەغەکردنی دیمەنی بەرکەوتنی سێکسی و قەدەغەکردنی باسکردنی ئەو بابەتانەی کە بۆبابەتی هەستیار، یان ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات دادەنرێت.
سەرەڕای ئەم سنووردارکردنانە، زۆرێك لەهونەرمەندانی ئێرانی هەوڵدەدەن لەڕێگەی کارکانیانەوە بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەربڕن، بەڵام هەندە جار بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات ئاراستە دەکرێن.
دەرهێنەرێکی گەورەی وەك (جەعفەر پەناهی) و زۆرانی تریش، ڕووبەڕووی سنووردارکردنی هاوشێوە بوونەتەوە.
ئەوتا ساڵی 2010دا بەهۆی پشتگیری کردنی ئەو ناڕازایەتیانەی دوای هەڵبژاردنی سەرکایەتی ساڵی 2009 هاتە ئاراوە، سزای شەش ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا و کاری فیلمسازی و گەشتکردنی لە قەدەغەکرا.
هەروا دوای ئەوەی دادگای تاران، سزای شەش مانگ زیندانی بەسەر (سەعید ڕەستەیی) دەرهێنەری ئێرانی و بەرهەمهێنەری فیلمی (براکانی لەیلا) دا سەپاند، بۆهۆی نمایشکردنی فیلمی(براکانی لەیلا) لەفستیڤاڵی کان، بە وەرگرتنی ڕەزامەندی ئێران لەو بڕیارە پێ کردنە، سزای قەدەغە پێکردنی نمایش کردنی فیلمەکەشی لەناوەوەی ئێران بەسەردا سەپێنرا.
فستیڤاڵەکە لەبەیاننامەیەکدا بۆئاژانسی (فرانس پرێس) گەیشتووە، ئەو حوکمە قەزایبەی لە دژی ڕەستەیی و جەواد نوروز ، بەرهەمهێنەری فیلمەکە دەرکردوە، لەگەڵ قەدەغەکردنی پێنج ساڵ لەنمایش کردن ، پێشڕێکاریەکی ئاشکرایە دژی ئازادی ڕادەربڕین.

هەرلە درێژەی ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە:
فیستیڤاڵی (کان) وەک زۆرێک لە پێشڕەوکان لەسەرانسەری جیهاندا، پشتیوانی خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانە دەردەبڕێت کە لەئامادەکاری و بەڕێوەکردنەوەی کارەکانیاندا تووشی تووندوتیژی وسزادان دەبنەوە .
دژنامەی (ئیعتماد)ی ئێفەرم خوازی ئێرانیش، لەڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە دادگایەک لەتاران سزای ئەو بڕیارەی ئێرانییشی داوە کە بڕیاری لەپێڕاگەندە کردن بۆ فیلمەکە کردووە ، وەئەم ڕەکارەی بەدژایەتی کردنی سیاسەتی بەرهەمهێنانی هونەری لەکۆماری ئیسلامی ئێران لە قەڵەم داوە.
هەروا دژنامەکە ئاماژەی بۆشکردووە، لەماوەی ڕاگرتنی سزاکە، پێویستە تەمەتبار خۆی لە چالاکییەکانی پەیوەست بۆ تاوانەی ئەنجامدراوە بەدوور بگرێت و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی چالاك لەبواری سینەمادا نەکات.
سەعید ئوستەیی تەمەن 34 ساڵەو دوای دەرهێنانی فیلمی (یاسای تاران) ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا.
یاسای تاران ـــ فیلمێکی پۆلیسیە و باس لە بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەرەکان و سەرکردەی دەستەاتداران دەکات.
هەر (٢٠٢٢ستایی) دەرهێنەر لە ئایاری ٢٠٢٢ خۆڕاتی دەستەی سوێندخۆرانی کۆمەڵەی دژنامەوانی نەوەوەتی لەفیلمی (براکانی لەیلا) بەدەست هێنا.
بە نموونە سکاڵای یاسایی لەسەر خانمە ئەکتەر (مەرزیە بەرومەند) و ئەکتەری ناوداری ئەمریکی (ڕزا بابەك) تەمارکرا، بەهۆی تێوەگڵکردن لەسەر شانۆ لەفێستیڤاڵی فیلمی فەجر کە بەپێشێلکردنی بەها ئیسلامییەکان داندراوە.
دەرهێنەری ئێرانی محەمەد ڕەسوڵەف ساڵی 2025 خۆڕاتی ورچی زێڕینی لەفیستیڤاڵی بەرلین پێ بەخشرا، لەسەر فیلمی (شەڕ نیە) کە باس لەسزای لە سێدارەدان دەکات لەئێران،
بەهۆی دوای نمایش کردنی فیلمەکەی لەفێستیڤاڵی کان ی سینەمایی بەهەشت ساڵ زیندانی سزا درا، بە تومەتی ئەوەی مەڕۆتی بەشداری بوونی لەهەردوو فیستیڤاڵدا وەر نەگرتووە.
ئەو سەرکوت کردنەوەیەی سینەماکاران بەردەوامە، لەکاتێکا ئەوان هەوڵ دەدەن، تەوانینێکی ڕەخنەگرانە بە کەمەگا و سیاسەت پێشکەش بکەن، کەچی ڕووبەڕووی سنووردارکردنی توندی یاسایی و سانسۆرێکی توند دەبنەوە..

کەمکردنەوەی هەژاری لە چین مەدالیەك بە وەاتانی تازە پێگەیشتوو.. هێز حەسەن

بەچی چین بنبڕکردنی هەژاری وەك کارنامەی سەرکی وەاتکەی لە پێشینەی کارکانی دانـاوە؟، ئەم وێنەیە لە 19ی تەممـوزی 1989 گیراوە، کاتێك سەرۆك شی جینپینگ، سکرتێری حزبی ئۆوکاتی شاری نینگدە (پارێزگایەکی دواکەوتـووی شاخـاوی) لە نـاوچەی شونینگ لەکەینەوەی ئەنجامدا، تەنها لە ماوەی 1 ساڵ و 11 مانگدا، سەردانی 123 لە کەی 124 شارچکەی نینگدە کرد بە لەکەینەوە لە بارودۆخی ناوچەکە. ئەمەش دەکاتە سەردانی شارچکەیەك هەر 6 هێز جارێك، ئەم ئەزموونە بەرفراوانە لە بنەڕەتدا توانی هەوێی کەمکردنەوەی هەژاری لەسەر ئاستی وەات ئەنجام بدات.چین 800 ملیۆن کەسی لە هەژاریی هێها دەرهێنا، هەروەها پێش وادەی دیاریکراو ئامانجی کەمکردنەوەی هەژاری لە کارنامەی 2030ی نەتەوە یەکگرتووەکـان بە گەشەپـدانی بەردەوامی بەدیهێنا. ئۆوەی چین کردوویەتی لە کەمەڵك داتادا:لە ساڵی 2014 تـا 2023 بە گشتـی 2.5 ملیۆن کیلەمەتـر هێگـای گوندنشینەکان دروستکراون یان نۆژەنکراونەتەوە و 70 هەزار و 600 گوند بە هێگای قیرتاو بەستراونەوە؛ئەستا تەی 5جی چین هەموو شار و شارچکەیەکی وەاتکە و هەروەهـا زیـاتر لە 90%ی گونـدکانی دەگرێتەوە؛ تا کۆتایی ساڵی 2021، چین زیاتر لە 40 هەزار وەستگەی هێشنـبیری لەسـەر ئاسـتی شارچکەکـان و 570 هەزار ناوەنـدی خزمەتگوزاری کولتووری لەسەر ئاستی گوندکان پێگەیشت،لە ساڵی 2023دا 96.1%ی گوندکان خزمەتگوزاری پزیشکییان پێگەیشت ، کە بە بەراورد بە ساڵی 2013 بە هێژەی 14.5% زیـادیکردووە؛لە سـاڵی 2013وە چیـن 108 هەزار قوتابخـانەی نۆژەن کـردووەتەوە بە بەهێزکردنی دابینکردنی خوێندنی ناچاری لە ناوچە هەژارەکاندا

پابەندبوونی مێژوویی و سیاسی

چین لە سەرەتای هێژانی چاکسازی و کرانەوە نێك گەشەی ئابووری بە تەنیا بەهێکو کەمکردنەوەی هەژاری پێویست بوو بە دنیابوون لە سەقامگیری و پێشکەوتنـی نیشتمـانی. سـەرۆك شـی جینپینـگ بە

سوودورگرتن لە ئەزموونی کەسیی خۆی لە" نینگدە "و ناوچە دواکەوتووکانی دیکە، بنبڕکردنی هەژاری کردە بڕیکی سەرکیی حوکمانییەکی،دەرهێنانی خەڵك لە هەژاری، سەقامگیری کۆمەڵایەتی درێژخایەن و خۆشگوزەرانی ئابووری مسۆگەر دەکات. هەژاری دەتوانێت ببێتە هۆی سووتەمەنی نائارامی و نایەکسانی، کە چین هەوڵیدا بە تەکەڵەکردنی ناوچە دوورەکان لە پلانەکانی گەشەپێدانی نیشتمانیدا نەهێڵێت،چین نزیکەی 10 ساڵ پێشتر ئامانجەکانی کەمکردنەوەی هەژاریی نێوەیەکگرتووەکان بە گەشەپێدانی بەردەوام بەدەستهێنا. ئەمەش هەنگدانەوەی پابەندبوونێتی بە گەشەپێدانی نەودەوێتی و سەرکردایەتیکردن لە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی هەژاری جیهانیدا،لە ساڵی 2014 تا 2023 چین،دروستکردن یان چاککردنەوەی 2.5 ملیۆن کم هێڵگای گوندەکان، بەستنەوەی 70,600 گوند بە هێڵگای قیر،بە هەموو شار و شارۆچکەیەك، کە دەگاتە زیاتر لە 90%ی گوندەکان،پڕۆپێدانی 570,000 ناوەندی خزمەتگوزاری هێشنبیری لەسەر ئاستی گوند و هێشنبیری لەسەر ئاستی شارۆچکە زیادکردنی دەستەاگەیشتن بە خزمەتگوزاری پزیشکی لە گوندەکاندا بە 96.1% تا ساڵی 2023،سەرکەوتنی چین لە کەمکردنەوەی هەژاریدا وەك مەدەلێك بە وڵاتانی دیکەی گەشەسەندوو سەیردەکرێ، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە پلاندانانی ستراتیژی، وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری و سیاسەتی ئامانجدار دەتوانێت گەیانکاریییەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو بهێنێتە ئاراوە

هێمن حەسەن

سەرچاوەکان:

Ningde: Xi Jinpings Training Ground for Governing the Country https://link.springer.com/chapter/10.1007/978-981-16-0654-0_2?utm_source=chatgpt.com

Infrastructure, growth, and poverty reduction in China https://documents.worldbank.org/en/publication/documents-reports/documentdetail/958211468770406497/infrastructure-growth-and-poverty-reduction-in-china?utm_source=chatgpt.com

Lifting 800 Million People Out of Poverty https://www.worldbank.org/en/news/press-release/2022/04/01/lifting-800-million-people-out-of-poverty-new-report-looks-at-

پەیوەندی ئاشتی لە باکوور لەنێوان تورکیا و ئیسرائیل.. شەرکێ کرمانج

چەند مانگێکە قسە لە پەیوەندی ئاشتی لە باکوور و تورکیا دەکرێت. هەکاری زۆر لە پشت دەستپێشخەریی ئەم گفتوگۆی پەیوەندییە دایە، لەوانە: ماندووبوونی هەردوولا، گرێشتن بۆ باوەڕی کە لەڕێگەی خەباتی چەکداریی یان نکۆلیکردن هیچ لایەک بۆ ئامانجی خۆی ناگات، تا دەگاتە ئەو وەرچەرخانەی کە لە دید و تێگەیشتن و ئایدیۆلۆجیای هاوبەری تێڤگەری کورد لە باکوور، عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕوویانداوە. بەڵام هیچیان بە قەد ئەو گفتوگۆیانەی کە لە هاوسەنگی هێز لە چوارچێوەی ناوەڕاست هاتوونەتەپێش کاریگەریی نەبووە کە وەک ئاکامێکی شەڕ و پێکدادانەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبەر، کە وەرانبووەی غەززە و بەشێکی باشووری لوبنان و لاوازبوونی حەماس و حیزبوڵا و داتەپینی ژێمەکەی "حافیز ئەسەد" هاتوونەتە پێش. وەک ئاکامێکیش پەیوەندیکردن و لە قاوغنانی ئەرانی بەرهەم هێنا. وەک بەرئەنجامێکیش هاوکێشەکانی هێز لە ناوچەکە گۆڕا؛ ئیسرائیلێکی ئۆجگار بەهێز و تورکیایەکی سەرکێش و ئەرانێکی پەپووت و وەتانێکی عەرەبی بەدەنگی بەرهەم هێناوە.

لەم کورتە باباتە هەوڵ دەدەم، گەنگەشەی پەیوەندی ئاشتی لە باکووری کوردستان بکەم لە پەیوەند بە ململانێی نێوان ئیسرائیل و تورکیا کە هەر یەکەکیان لە هەوڵی خەبەهەزکردنداین.

ئیسرائیل پێی وایە کە ڕووخانی ئەسەد و بەهەزکردنی ئەران زادەی لەدان و شکستکان و پلان و پیلانگانی ئەوان بووە، بۆیە خۆیان بە شایستەی خەرمانەکە دەزانن. بەڵام ئاگەر تەماشای نەخشەکە بکەین، دەبینین کە یەکەک لە بەرئەنجامەکانی کار و کردەوەکانی ئیسرائیل، فراوانبوونی قەڵەمڕەوی تورکیایە، بەتایبەتی لە سووریا. بۆیە، ئیسرائیل دوای پچڕاندنی هیلالی شیعی و دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەران، دژایەتی تورکیا نەبەت بە جگرەوەی ئەران، واتە، بۆ هێزی

کە بتوانێت لەگەڵی سووریا و هاوپەیمانێ ئیخوانییە-ئیسلامییەکانی لەو هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، وەک چۆن جاران ئەران دەی کرد. بە ئەم کردەیە، ئیسرئیل لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارێ نوێکانی دیمەشق بە هیچ شێوەیەک وەک هاوپەیمان، یان نزیک لە خۆی، نە ئەمێ نە سبەی، نابینێت. بۆیە، هەر زوو دوابەدوای گۆڕانکارییەکانی سووریا لە هەوەی کۆک وەرگرتنێ لە دوو کارت، کورد و دروز.
ئیسرئیل دەزانێت کە دروزەکان هەرگیز لەوانەیە نەتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن کە ئیسرائیل دەیەوێت یان ئەو کردارێ بکەن کە ئەو پێویستی پێیەتی بە گۆڕانکاریی لە هاوکێشێ نوخبەیەکانی سووریا. بۆیە، خۆی لە هەوەی خۆ نزیک کردنەوەیە لە کورد. ئەمەش لە قسەکانی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، گیدەعۆن ساعر، بەدەرکەوت، کاتێک گوتی: "کوردەکان نەتەوەیەکی گەورەن... بە دەوڵەتن... ئەمە دەبێ دەستی دەستانێ بە لای کوردەکانی ئێران و تورکیا ڕابکێشین و پەوەندیەکانمان بەهێز بکەین". دواتر، قسەکانی سەرکۆزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهۆ، هێندی دیکە ئەو خاڵنیکردنەوەیەی نیشاندا لەوەی کە گوتی: "ڕێگەنادەین دوژمنانمان لە لوبنان و سووریا بەهێزبنەوە، لێگەڕێ ئەوەشدا دەستمان دەڕژکردووە بە هاوپەیمانێ دروزییەکانمان و دەستێ کوردەکانمان لە ناوچەکە". پێشووتر لە دیدارێک لە سەکۆی بە نیشتیمانسازی کە بە مەزووم عەبدی ڕێکخرا بوو، عەبدی دانی بە بوونی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل نەنا، بەڵام نکۆیشی لە نەکرد و گوتی هەوەستی ئیسرائیل لە پشتیوانی کورد بەرز دەنرخێنین.
لە هەموو ئەوانە، هێست بە نزیکبوونەوەیەک لەنێوان کوردانی ڕۆژاڤا و ئیسرائیل دەکرێت. هەردوولا پێویستیان بەیەکە. کورد پێویستیی بە هاوکاری ئیسرائیلێ بە مانەوە و خۆپاراستن هەم لە هەڕەشە و هەرشەکانی تورکیا، هەم لە هەر پێکدادانێکی چاوەڕوانکراو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیمەشق کە پێناچێت لەگەڵ ئیدارەی خەسەری لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بگەن بە هیچ لێکتێگەیشتنێک لە گفتوگۆکانیان. بەهەمان شێوە، ئیسرائیل پێویستیی بە کورد بە فشار خستنە سەر حکومەتەکەی دیمەشق و هاوکاریکردنی دروزەکان. ئیسرائیل نایەوێت حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە دیمەشق دروست بێت، تەنیا کورد و هێزەکانی دەتوانن ئەم کارە بکەن و ڕێگریی لە دروستبوونی حکومەتێکی بەهێز و سەرکەش بگرن.
لە هەمان کاتدا، تورکیا چاک دەزانێت کە لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد ژمارەیەکە کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت. هاوکات، ئەوەش دەزانێت کە ئیسرائیل بە دوورخستنەوەی سەرکەشیەکانی تورکیا و بە لاوازکردنی هاوپەیمانەکانی لە سووریا

لەوانەیە کێشەک لە کورد وەربگرێت، بۆیە دەیەوێت ئەو چەکە، ئەو کارتە، لە دەست ئیسرائیلییەکان دەربهێنێت و بیخاتە ژێر دەستی خۆی. ئەمەش وای کردووە کە پشتیوانی لە پێسەی ئاشتی بکات.
لە پێسەی ئاشتی، تورکیا دەیەوێت کەمێک ئامانج بپێکێت، لە پێش هەموویانەوە دووڕخستنەوەی کورد لە باڕی ئیسرائیل، کە لەم ئانوساتەدا، عەرەبەکانی کەنداو و ئەمریکاش لە هەمان باڕن. بوون بە بەشێک لەم باڕە کاریگەرە زۆر گرنگە، بۆیە زۆر گرنگە کە کورد هەموو هەلێک بقۆزێتەوە بە نزیک بوونەوە لەم باڕە.
بەکورتی، ململانێی ئیسرائیل و تورکیا لەسەر کوردە، هەرلایەکیان کورد ببات‌ەوە هەنگاوێک لە زاڵبوون بەسەر ئەوی دیکەدا نزیک دەبێتەوە. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئەدی کورد دەبێت چ بکات؟
من پێموایە کە کورد لە نێوان ئیسرائیل و تورکیا دەبێت هەوڵ بدات دوولایەنە، دووسەرە، واتە، بە دوو ستراتیجی جیاواز کار بکات، هەم لە تورکیا نزیک بێتەوە هەم لە ئیسرائیل. ڕوونتر بڵێم، دەکرێت پێشوازی لە دەستپێشخەری ئاشتی بکات لە تورکیا و هەندێک مەرجەکانی تورکیاش قەبوڵ بکات، لەوانە چەکدانانی پەکەکە بە تەواوی زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ تورکیا بکات چونکە من زۆر گومانم لە نیازەکانی تورکیا هەیە. لە ڕاستیدا، من پێموایە، وەک ئاماژەم پێ کرد، تورکیا تەنیا مەبەستی دووڕخستنەوەی کوردە لە ئیسرائیل چونکە چاک دەزانێت ئەگەر ئیسرائیل پشتیوانی لە کورد بکات، ئەوا ئەمریکاش لە هاوکارییەکانی لە ڕۆژاڤا بەردەوام دەبێت، بەمەش هەزی کورد دەچێتە ئاستەکی بەرز.
بە دەربڕینێکی دیکە، کورد لە باکوور دەکرێت بە پیر پێسەی ئاشتییەوە بچن، لەبەر هیچ شتێک نەبێت بە دووڕخستنەوەی هێشەکانی تورکیا لەسەر ڕۆژاڤا. هاوکات، کوردانی ڕۆژاڤا و هەسەدە دەست درێژ بکەن بۆ ئەو ئاماژانەی کە لە ئیسرائیلەوە دێن و هەوڵی دروستکردنی پێوەندییەکی ستراتیجی تەکەمە بدەن، هەم بۆ خۆپاراستن هەم بۆ پاراستنی دروزەکانی سووریا. کورد دەبێت ئەوە بزانێت ئەگەر ئیسرائیل نیازی پاکیش نەبێت ئەوە تورکیا نیازی گەلەوە، لەبەرئەوە نابێت بە بەرەنگاری تورکیا، هەبخەڵەتە و هێزەکانی حەسەن خەیرییەکان دووبارە بکاتەوە.
ئەگەر کورد بتوانێت پاڵپشتی ئیسرائیل مسۆگەر بکات، ئەوە دەتوانێت وەک کارتێک لە دژی تورکیا لە پێسەی ئاشتیش لە باکوور بەکاری بهێنێت.
کورد ڕۆژی سوارە، داخە دەتوانێت گەمەکە ببات‌ەوە، ئەوە دوا ڕۆژ بەمان دەردەخات.

چیرۆك\ حەبی ئایدیالۆژیا..
سەلام عومەر

(دوو زلەك، یەكیان بناگوێی سوور كردموە، ئەویدی منداڵی و گیانی مرۆیی لەسندموە)
یەكەم زلەك كە بەبنا گوێم كەوت و رومەتی سوور كردموە بەدەستی خاڵم بوو كە پێی گوتم لەگەڵ ئەو حەبخرانەت نەبینم، چونكە هەشتا مەرمندانی و بەرگەی ئەفیون ناگری جارە زەر زووە دەی بەوە ماڵە.
دووەم زلەك كە خوێنی سەكردم ئی ئەو ئەمنە بوو كە زمانیم نەدەزانی و بەئام تێگەیشتم كە لەسەر دەسبیحەكی سوور بوو.
ئەم دوو زلەك منداڵیان لێ وەرگرتم و هەڵیاندامە نێو لاوێتی، بەجۆرێك سووریان كردموە خوێنم قوڕپی دەدا، عەودالی خوێندنەوەو شۆگەڵانیانیان كردم، فەری حەبخواردن و وەشاندنی زلەیان كردم، زلەك لەوانەی زلەم لەدەدەن، فەرە شەق وەشاندنیان كردم، شەق لەوانەی زمانیان نازانم و تفم لەدەكەن، تف لەوانەش وەنەكانی خۆیان گۆرە دەكرد و لە پەل و بەردەم بارگاكانیان دادنا، زلەكان فەرە خواردنی حەبیان كردم تا لەنەو ئایدیالۆژیادا یەك رەنگ ببینم و ئەوانیدیم خۆش نەوەن، ئەوەندە نا زەر زوو گۆریان كردم، زەر زەر زوو فەرە ئەفیونیان كرد.

ئەو رۆژەی حەبەكەم خوارد سەرەتا تووشی سەرئێشەیەك بووم نەبەتەوە، هەستم بە گڕ بوون كرد خەیاڵم دەیشتن و چاوم رەشكەوپشكەیان دەكرد، كۆمەكانم سوور ببوونەوەو مەشكم سە بوو، دواتر و زەری نەبرد سەرئێشەو باری گرانی نەو دەروونم نەما، كە دەیشتم پێیەكانم نەدەكەوتنە سەر زەوی و وامدەزانی دەفڕم، هەندەك جار لە خوون دەچوو خوونكی خۆش وەك ئەو خوونانەی بە شەوانە دەمدیتن و دەفڕیم، بەسەر شاردا دەسوڕامەوەو بەتاقی تەنە سەرنجم دەچە سەر كچە جوانەكان، خواردنە خۆشكان، ترسم نەدەما هەرشم دەكردە سەر دوژمنەكان و خە ئەگەر حەزیشم لەبا ئەو دەچوومە پاە كچەكان، بەتایبەت ئەوانەی گرنگیان پێدەدام و زەریش جوان بوون، دەچووم تا بەیانی لە پاێیان دەخەوتم، ماچمدەكردن و هەڵمدەگەڕفتن، بەنی

زولفەکانم دەکرد و یەك یەك جلەکانم لەدادنان دەکەوتمە دنیای خەموو ئەو دنیایەی خۆن و خیانی هەموو لاوەکە، دنیایەك پڕپە لە جوانو راموسان، خۆشك ئەمنی دەبردە ئەو دنیایەی.
هەستم دەکرد ئیدی لەنەو کەسەك هاوڕادا بە هەمیشە دەتوانم ئەرکەکانم بەجێ بهێنم و هاوکاریان بم لە رزگارکردنی ئەو نیشتمانەی بابم ئەمنی بەوەو بستەوە و دشیگوت بیە دروستم کردووی تا لەگەڵ کوڕکانی دیدا وەات لە بگانان پاك کەنەوە، لەتان ناشارەوە هیچم دەربارەی سیاست و ئیدیلۆژیا نەدزانی وەلە دەمدی هاوڕیان لەکاتی پشووی نەوان وانکان هەبوو باسی حەبی سەوزی دەکرد و هەش بوو باسی زەرد و سپی و سوور و ئەورەنگانەی دەکرد، دیانگوت ئەوانە حەبی ئایدیلۆژیان کاریگەری خیان هەیە و تا نێخەی بوەرو لەخە بردوو نابی، منیش کە قسکانی بابم و ئەوانی دیم بەرگوە دەکەوتن هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، چەن تا ئێستا لەوجەرە حەبانیان نەداوم؟ وەلە کە زللەکەی خاەم بیر دەهاتەوە ترس دایدەگرتم، ئەمما کە ئی ئەمنەکەم بیردەهاتەوە رقم هەدەستا.
پشتر چەند هاوڕیەکی نزیك باسی رەنگەکانیان بە دەکردم بەام نەمدەوەرا توخنیان کەوم و هەشتا ئەو قسە قەوانەی ئەوان دیانکرد من تێنەدەگەیشتم، تا رۆژك کتبەکی گەورەیان دامە و گوتیا بیخوێنەوە، منیش چونکە ئەو برادەرەم باش دەناسی و هەروابتەوە لە گەڵکی خەمان بوو، لەم وەرگرت و بە چەند رۆژك تەواوم کردو چۆکی زەرم لەوەرگرت، لەوەدا هەموو کاراکتەرە بەناو بانگەکان حەبخەر و شەشگەڵ بوون، ناوبانگیان هەبوو بە تایبەت ئەوانەی مەرگیان خستبووە سەر دستیان و نیشتمانیان وەك چاویان دەپاراست، هەر لەو کتبەدا تێگەیشتم دەبێت ببیە حەبخەر تا ئایدیلۆژیا لە خوێندا بەاو ببێتەوە و ئیدی لەوەوە تش هەمان رەگە دەگری.
هەر کە کتبەکەم دایەوە دستی ئویش لە لاکەیانك حەبکی دامە و هەندە قسەی بە کردم و گوتی: ئەو حەبە بخە بزانە چەنە، منیش هەشتا کاریگەری رووداوکانی نەو رەمانکە لە هزرمدا بوو بیە بەبە دوودڵی وەرم گرت و حەبکەم خوارد، زەری پێنچوو رەنگم سوور سوور بوەو، هەستم بەگورەیی دەکرد و ئەوەی ترس بێت لە دووژمن و داگیرکەران و تفەنگ بەدستکانم نەما، زللەکەی خاەم هەر لەبیر چەو، جگە لەوەش کە چووەوە ماەە بابم رووی خەشتر بوو و بەبە ئەوەی بیەك شت بزانن خەزانکەم رەزیان دەگرتم، دیانگوت: کوڕکەمان گەورە بوە و ئێستا هەم کتبەی گەورە دەخوێنێتەوەو هەم هەست بەوە دەکات بەچی هاتێتە ئەم دنیایە، ئەوەندەنا، پشتر دەبوو لەگەڵ بانگی ئەوارە لە ماەە بم، کەچی لە دوای خواردنی ئەو حەبەوە

ئەگەر بن پشدەنیشم هەتاوسبا و بەشوانیش چوبامایە دەرە قەت نەیاندەگوت بە دواکەوتی، جا نازانم لەبەر خواردنی حەبەکە بوو یان گەورە بوونم؟.
کاریگەری حەبەکە هەشتا لەنەو جەستەم بوو کە رەیشتمەوە نەو هاوڕیان و سەرنجم دا هەندێك لە برادەران رووبان خۆشو هەندێکی دی مەتەم لەدەکەن، هەندێك لەم نزیك دەبنەوە و هەندێکی دیان پشتم تەدەکەن، ئەوانەی لەم نزیك دەبوونەوە زیاتر خۆشم دەویستن و ئەوانەش دوور دەکەوتنەوە رقم لێیان دەبەوە، تا ئەوکاتەی ئەو هاوڕیەم دیتەوە کە حەبەکەی دامە، ئەو کەتتیان بەبە ئەوەی من پرسیار بکەم ئەو منی بردە ماڵێك چەند کەسێکی دی لەبوون هەندێکیان چەکدار بوون و یەك دووکیش وەك من لاو، هاوڕێکەم لەکن خۆی داینیشاندم و دەستی بەقسان کرد، هەستم کرد قسەکانی ئەو و ئی نەو کتێبەکەی دایمە لەك جیان، ئەوەندەنا شتی نوێتری دەگوت کە من لێی تێنەدەگەیشتم، بۆیە بیرم کردەوە کە ئاوا بەوا لەنەوان رەنگەکاندا بزر دەبم و بەبە رازیکردنی کەسەکانم سەردەنەمەوە، هاوڕێکەشم کەدیتی خەریکە رەنگم دەگۆڕێ خەرا حەبەکی دی دامە و ئەویشم ئاودیو کرد، جا گوتم چ دەبە با ببە.
هەر کە لە هاوڕێکەم جیابوومەوە شەە بومەوە بەرەو ماڵە کەچی لە رەگا سە لاوی دەمامکدار هاتنە سەر رەم و هەەشتیان لەکردم، منیش چونکە کاریگەری حەبی ئایدیالەژیام لەسەر بوو نەك حەبی نیشتمانی، سینگم لە بردنە پێش و سوور بوونی خەم لەسەر رەبازەکەم راگەیاند، کاتەك هەوەی هەرش کردنیان دا تا لەم دەن، کەچی هەرزوو پێشیمان بوونەوە و دەمامکەکیان تونتر لە سیمایان وەرپێچا و گۆڕانەوە دواوە و بەخەرایی لە کۆڕانەکە لەچاوان بزر بوون، منیش هەستم بەسەرکەوتن و لەخۆبایی بوون کرد، کە حەبخواردن تەنیا ماسوولکەکان بەهێز ناکا بەڵکو سیماشت دەگۆڕێ و ترسناکت دەکا، خەڵك لێت دەترسێ وەك ئەو سە دەمامك دارەی رایانکرد، لەو خیابانەدا بووم سە لە هاوڕێ نزیکەکانم کە یەکێکیان ئەوە بوو کە حەبەکەی دامە لە پشتەوە دەستیان لەسەر شانی دانام و گوتیان ئاگادارببە ئەمە هەر بەدواتەوە بووین هەرگیز نایەتین هیچ کەسەك لە وانەی حەبی رەنگاو رەنگ دەخۆن زیانت پێ بگەیەنن.
رەك لەو کاتەدا حەبەکە هەموو دەمارەکانمی ئەستوور کرد، هەستم کرد ئیدی بەتەنیا نیم و ئەوەتا کەمێیك هاوڕێ، نا شانەیەك، کوڕێکخراوەیەك بەرگریم لەدەکەن، ئیدی لەو رەژەوە بوومە خاوەنی پاکەتەك حەب، بەتەنە نەدەگۆڕام و جگە لەخەم حەبم دەدایە چەندین ئەندامی نەوە، کاتێك تۆشی بچوکترین مەترسی بام لەدەورم کەدەبوونەوە، خە بەهەر کۆڕانکدا رەشتبام کەمێ کەمێ قوتابیم

دەیتن بەڵام هەر کەمێک ڕەنگێک بوون، پێشتر کە مەمان لەیەکتری دەکرد ئێستا سێو لە یەکتری دەکەین، جا نازانم لە ترسان بوو یان هاوئامانج؟ ئەوەندە چاودێری یەکتریمان دەکرد و دروشمی دژ بەیەکمان لەسەر دیوارەکان دەنووسی، ئاگامان لە دووژمنە سەرەکیەکە نەمابوو، جاران لە یەک شوێنی شار ئاگری نەورۆز دەکرایەوە کەچی ئەو ساڵە هەر ڕەنگە و لە شوێنێک ئاگری کردەوە، پێشتر لانەو پەلەکانی قوتابخانە لە هەرشوێنێک دانیشتبای ئاسایی بوو کەچی دواتر پەلەکان بوونە سێ ڕیز و هەر ڕیزە و ڕەنگێک بوو، مامستاکانیش تووشی حەبخواردن ببوون هەمیشە مامستایەک ڕەنگی سووربا لەو ڕیزە وانەی دەگوتەوە کە لە ڕەنگی خەیاتی، خۆ بە ڕەنگەکانی دیش بەهەمان شێوە، ئەوەندەنا زەر جاران لانەو خەزانەکاندا ڕەنگی جەراو جەر هەبوو، دایکی داماو نەیدەزانی خوارنەکە بە چ ڕەنگێک لێنێ یان چەن وەکویەک دابەشی کا.
ئەو حەبە ڕەنگاوڕەنگانە ڕزابووە نەو خوێنی هەموو دانیشتوان، بەجەرگی شیرازەی کەمەگای تەک دابوو نووسەر هەبوو تەنیا بەسەر بەهاری دا دەنووسی هەبوو بەسەر پایزدا و ئەوانی دیش بەسەر گوڵی سوور و زستان و چوزانم دەبوو ڕەنگی جلوبەرگ و ماڵ و ئەوشتانەش لە حەبەکان بن.
ئیدی سەرتان نەیەشێنم دوای خواردنی چەندین پاکەت حەب و سێ بوون و سوور بوونەوەم، چەندین تەک گیران لەگەڵ ئەوانی دی و چالاکی جەراو جەر، چەندین زللە هاویشتن و وەکوتن، چەندین وەشاندنی قاپە شلە و تا گەیشتە گوللەش.
وەلە دوواجار دوای ماندووبوونکی زەر تەواوی ڕەنگەکان خرانە نەو قاپکی شووشەو لەسەر تاشە بەردکیان دانا، داخە ئەم قاپە دەکەوتە بەر سەڕی دوژمن یان باڵندەیەک بەڕە و لوتکەی دەفڕنێ، داخە ئەم قاپە شوشە لە دەستی سەرکردەکانمان بەردەبێتەوە و دەشکێ، یان بەبەرامبەر لەسەر مێزی دوژمنی دادەنێن؟

هەر چەند ساڵێک بوو دووژمن هەوەی قەکردنی گەلەکەمانی دابوو، هەشتا بەنی سەو و ژینگەی نیشتمانەکەمان پاک نەبووبوەوە، خەڵکی دەمارەکانی ملیان ئەستوور ببوو و لە دەرفەتێک دەگەڕان تەقەی ئەو ڕژانە بکەنەوە کە خەریک بوو نیشتمان بخنکێنن، وەجا ڕژێک لەو ڕژانە کە هاوکات و یادی ئەو ڕژە ڕەشە بوو پێش ئەوەی لەماڵە بەمە دەر حەبەکم خوارد و هەستم دەکرد پێم بە زەوی ناکەون و لەو دنیایەیدا جگە لەمن کەسی دی تەدا نییە، خوێنم سە و سپێنەی چاوم

سوور سوور ببوونەوە، ئەو دەمانچەی لە کۆبوونەوەیەك دابویانمە لەبن پشتەم ناو رەك چوومە نەو بازاڕ، سەرم بەرز کردەوە ئاسمان بەبەی بوو، هەورەکان هەندەکیان سپی و هەندەکی دیان ڕەش خڕیکی ئاوەتە بوون بوون، شەماڵ لە ڕۆژئاواوە دەهات و بایەکی نیمچە ساریش لە خڕهەاتەوە هەیکردبوو ڕەك لەنەوەندی شاردا ئاوەتەی یەکتری بوون، ئەم دیمەنە بەتایبەت ڕەنگی هەورەکانی ئاسمان و هەزی شەماڵ و با کۆستانیەکان کە لەیەك کاتدا یەکیان دەگرت، لەلایەکەوە مژدەی باران و لەولاشەوە هەەشەی کۆڕەوکەیەکی پێبوو، بەیە هەشتا لە سەیرکردنی ئاسماندا بووم کە کاریگەری ئەفیونی حەبەکە مژدەی ڕووداوەکی خڕای وەك بڕووسك بەنەو جەستەمدا ڕەتکرد.
هەنگاوەکان بەڕەو نەوەندی بازاڕی کێش کردم لەوە کە پێ پێ بوو لە خەك دیتم بە دوو ئەمنان کەوتبوونە سەر کەسك و لەیان دەدا، لەجیاتی ئەوەی کەسانك دەستی ئەمنەکان بگرن و ببەن، کەچی خەکەکە هەر بابابوو دووکانی دادخست و ئەوناوەیان چێ دەکرد، نزیکتر بوومەوە ئەوەی لەبەردەستی ئەمنەکان بوو کوەعجول و سەرشتەکەی هاوپێلم بوو ئەمما لەڕەنگی من و لەریزی قوتابخانەم نەبوو، نزیکتر بوومەوە چاوی هاوپێلەکەم کەوتە نەو چاوم، ڕەك لەو کاتەدا هەم شەرم و غیرەت بەیەکەوە کاری خەیان کرد، هەم هەورە جەمسەریەکان بەریەك کەوتن و ڕوناکیەك شاری ڕووناك کردەوە، هاوپێلەکەم پێدایە تفەنگی یەك لە ئەمنەکان و منیش نەمکرد نامەردی دەمانچەکەم دەرهەناو تەواوی یەدگەکەم لە ئەویدی خاڵی کردەوە، کەهاوپێلەکەم ئەوەی دی ئەویش سێ مەتر لە ئەمنەکەی دی دوور کەوتەوە بە ڕۆژنەیەك گوللە لە تەنیشت ئەویدی خست، لەو ئان و ساتەدا هەورە جەمسەریەکان ئەوانەی لە ڕەنگدا جیاواز بوون دیسان گرمەیان هات، سەرتا بروسکەیەك و دواتر زرمەیەك یەك ڕۆژنە بارانی بەخوێ بەسەر شاردا ڕژاند، بارانەك وەك کوندەی سەربەرەوژێر دەهاتە خوارە، دەیانگوت: ئەو بارانە هەندە بە لەزمە بووە لەماوەی چەند خولەکەکدا ئاو هەستاوە و لاشەی ئەمنەکانی تەکەی روبارەکی سەرشت کردەوە بە هەتاهەتایە بزر بوون، هەندەکی دی دەیانگوت: لەوەتەی دنیا دنیایە لافاوی لەم شێوە لەو دەڤەرەی نەهاتووە شێلەکانی شانی لە شانی سوبانان خشاندووە، بەتەمەنەکان گوتبوویان هەورە ڕشەکە هەندە نەوی ببوو خەی لە زەی دەسوی و هەموو روداوەکانی سەر زەوی شاردەوە.
خە ئەم هەواڵە بە کونفەیەکونەك گەیشتبووە تەواوی شارەکان و لەوە ئەوەندەی ترش و خوێ پێوە کرابوو گوتوویانە لافاوەکە تەنیا ناحەزانی شاری ڕامایوە دەنا زەی بە یەك ڕوحلەبەر نەبووە.
ئیدی سەرتان نەیەشنم من و هاوپێلەکەم ئەوەندەمان پێکرا بەنەو

کوچکانی شاردا کە لافاو پێلی دەدا، راکێشن و نەوەستین تا گەیشتینە چیایی، لەوێشەوە بانگی حەبخەرکان ئەوانەی تەواوی رەنگکانی چیایان لە قاپکدا ککردبوو.
وەلە ئەوەی جگەی سەرسوڕمانی ئەمەی هەرزە و قوتابی بوو هەریەك لەوانەی کوتنە بەرچاومان هەموان حەبکانیان لەوگێیەی فێدا بوو، سەرو قاپکی شووشەیان بەدەستەوە بوو خەریکی فە کردنی رەنگکان بوون، سەرکەکانیشیان خەریکی تەکاندنی تەز و خێی کەرەو بوون کە لە سەرو سیمایان نیشتبوو، چاویشیان لە بزنێیەك دەگێا بیانباتە دەشتایەکان و لەوێ قەدبە رانەوەستن تا خەیان و باغێیان بە گەی بابگوگوێ گەرم دەکەنەوە، ئیدی ئەوکات سنوورەك بە دەسەاتی ملهوڕ دادنەن و تخوبکیش بە رەنگکان، راناوەستن پشت لەچیا و ڕوو لە شار تا ترازاندنی رەنگکان و سەرلەنوێ قوتدانەوەی حەب، حەبکی پە پە لە ئەفیون کە رەنگدانەوەی نەك لە نەو نیشتمان بەجێ هەشت، بەکو ئیجێشی وەك قاپکی شووشە کردە ئەفیوناو .

سەلام عومەر

منی دیجیتاڵی.. ئاراس سەعید

منی دیجیتاڵی
"من سەفیم، کەواتە من هەم"
ئەلسا گەدار

من سەفی دەگرم، لەسەر لەواری کەندەانەك، لەبەردەم تابلۆی مەنالیزا، لە کەناری تاقگەکانی نیاگارا، لە کەاپ و کەنسەرت و ئاهەنگکاندا، لەسەر سفرەی ئازاوە بەخوانی شاهانە، لەگێ سەرەك و سیاسی و نووسەر و هونەرمەند و ئەکتەرە دەخوازەکانم. من سەفی دەگرم و یەکسەر لەسەر ئەکاونتەکەم بەاویدەکەمەوە، ئەمە بریتییە لە من. ئەرە من. من سەفی دەگرم، کەواتە من هەم!.
قەناغی سەفی
مرۆڤی مەدەرن بوە لە تایپکانی پێش خەی جودا دەکرێتەوە لە ساتەوەختەکدایە لەناو تەکنیکی ئاەزی تەکنیکدا دەژی. ئەم ساتەوەختەی کە پێیوەندی سوژە/مرۆڤ بەسرووشتەکیەوە، لە ەگێی

تەکنەلۆژیای دیجیتاڵییەوە گەڕاوە بۆ پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ خۆی و جیهان. ئەمەش ئەو چرکەساتەیە کە (هیگڵ) ناوی لێناوە چرکەساتی لە (خۆنامۆبوون) ئەو لە بارەی نامۆبوونەوە بەم جۆرە دەنووسێت: پێسەیەکە کە (سوژە/مرۆڤ) خۆ بەخۆ تێدا دەبێتە بێگانە. ئەمەش ساتێک هوودەدێت کە ناتوانێت خودی خۆی ببینێتەوە، لە وجیهانە ئاستەقینەیەی کە تێدا دەژیێت[Phenomenology of Spirt. Hegls Phenomenology des Giestes…1807].

من ئەم ساتەوەختەی ئەمڕۆ ناو دەنێم (قۆناغی سێفی) بۆ پێیەی کەمتر، لە ڕیاڵێتییەک/ وابوونێکدا تێوانینمان بۆ جیهان، گەڕاوە لەو تێوانینەی کە ئەمە پشووتر تێوانیمان بۆی هەبوو، بۆ پێیەی ئەم گەڕانکارییە لە تێگەیشتن بەدەستەوەردانکانی نێوان ئەو و ئەمە لەم تەنە تەکنۆ لە هەموو شوێنێکدا دەردەکەوێت کە لە یەک کاتدا تەلەفۆن، شاشە، کامێرا و کۆمپیوتەر، کە ئەمە لە مۆبایلێکی زیرەکدا وەسفی دەکەین و پێی دەڵێین:(مۆبایلێکی زیرەک.)

بۆ تێگەیشتن و دوان دەربارەی ئەم پرسە دەگەڕێمەوە بۆ تێزەکانی خانمە فیلەسووف و دەروونشیکاری فەڕانسی (ئێلسا گەدار) و پەرتووکە بەناوبانگەکەی (من سێفیم، کەواتە من هەم). گەدار، سێفی وەکوو دەزگ بۆ بیرکردنەوە و تەفسیرکردنی جیهانی هاوچەرخ دەخاتە بەرباس و، لە ڕوانگەیەکی دیاریکراودا ناوی ئەم ساتەوەختە دەنێت (هایپەر مۆدێرن و سایبەر مۆدێرن). ئەو لەبارەی نووسینی پەرتووکەکەیەوە دەڵێت:((پێناچێت فیلەسوفێک ئارەزووی لە سێفی گرتبێت، لە ساڵی 2015 ئەواریێک خەم لە ئاهەنگێکدا بینیەوە لەگەڵ هاوڕێیەکی فیلەسوف کە یارییەکی زۆر کەمیدی نەبوو. پرسیاری لە هەمووان کرد کە ساتەوەختی شێتانەی ژیانیان چی دەبێت؟ کاتم نەبوو بیربکەمەوە پێش ئەوەی بڵێت: "تەنها سەیرکردنی پێجی فەیسبووکەکەت، ساتەوەختی شێتیەکەت سێفییە. مۆبەستی لەوە چی بوو؟ ئەو کۆشەیەی کە من باسی دەکەم کۆشەی نەرگسیسی بوو و، لە 250لاپەڕەدا وەڵامم دایەوە.))

سێفی لە پەرتووکەکەی گەداردا سەرەتا وەک حیکایەتئامێز دەردەکەوێت بەڵام شێوازی ژیان و پێوەندیمان بەسروشتی مرۆیمانەوە تێکدەدات. بەدیدی ئەو فیلەسووفە، سێفی دەبێتە هەی تێکچوونێکی گەورە لە خووکانماندا کە بەهەی هاتنی مۆبایلەوە هاتووەتە ئاراوە. مۆبایلە زیرەکەکانمان وامان لێدەکەن بتوانین دەستمان پێ بگات، لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا، ئەمەش ئاماژەی گەیانێکی ڕیشەیی لە تێگەیشتنمان بۆ کات و شوێن و لە سەرووی هەموشیانەوە پێوەندیمان بە بیرکردنەوە و کورتکردنەوەی زمان لە مۆجازی و وێنەدا.

ئیدی لەم جیهانەدا کە مرۆڤ لەناو تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی دژیت، وەنەی سڵفی وەکوو نیشانەی قەیرانی ناسنامە دەرکەوت. گردار پێی وایە، بە هاتنی سۆشیاڵمیدیا و ئاو بەکارهێنانەی کە دەتوانین ئەنجامی بدەین. ئیتر کەناڵ/نوێنەرایەتی نامێنێ، من پەخشکەرم، بەرهەمهێنەرم، ڕۆژنامەنووسم...هتد
گەردار، ئەمە بەسەرهاتایی "نەخشیەکی دەروونیی ژیانی مەدەرن" وەسف دەکات. ئاو پێی وایە، سۆشیاڵمیدیا گرێبەست لەگەڵ"خەڵک" دەکات کە بە واتای خەت دەت بەنام بە تەنیا بوون، پێیوەندی تەنیایی لەبەردەم شاشەی مۆبایلەکەی زیرەک و کۆمپیوتەر و پاشگری سۆزداری "واتە" وەبیر دەهێنەتەوە کە بیرمان دەخاتەوە کە سۆشیاڵمیدیا وەنەی خەت دەگرێت و بە مۆجازی بەاوی دەکاتەوە.
بەمانایەکی دیکە، مرۆڤ لەسەردەمی سۆشیاڵمیدیا بوونی خۆی لە مۆجازەوە وەردەگرێتەوە. بەنموونە(کیم کارداشیان تەنها بەهۆی ڕیاڵیتی تیڤی و سۆشیاڵمیدیاکانیەوە بوونی هەیە) ئەمە لە چوارچێوەیی چەکساتکداین کە وەنە دەسەاتەکی سەرنجاکێشی وەرگرتووە و لە کەمپەینگەیەکی وەنەیی لە چوارچێوەی دەسەاتی شاشەدا شوناس وەردەگرینەوە. ئەمەش ئاو پرسە شوناسسازییەیە، لە (قەناغی ئاوەنەی) دەروونشیکاری لاکاندا ووڕاوەتەوە، (من ئاوێترە.)

وەنەی سۆشیاڵمیدیا و شوناسی وەنەیی

تەزەکەی لاکان باس لەوە دەکات کە لە نەوان شەش بە هەژدە مانگدا منداڵ وردە وردە لە جەستەی دایکی جیا دەبێتەوە بە ئاوەی بگات بە سوبژەکتیڤی خۆی، بە چەند قەناغێک لەبەردەم ئاوەنەدا دیمەنی ووخساری خۆشحاڵی دەکات. سەرەتا پێی وایە کەسەکی تر، دواتر تەدەگات کە ئەم ئاوێترە تەنها وەنەیەکە، لە کۆتاییدا تەدەگات کە ئاوێتر خۆیەتی.
ئاوەی لاکان دەیەەت؛ ئاوەیە، پێش ئاوەی منداڵ ببێتە سوژە، پێشوەختە لە ئارەزووی دایک و باوکیدا بوونی هەیە دواتر وردە وردە دوورکەوتنەوەکەی ڕەگەی پەدەدات دەستی بگات بە سوبژەکتیڤی خۆی. دەتوانین بڵێین خود وەک سوبژەکتێکی دروست لە ڕەگەی پرسیاری وەنەوە، لە ڕەنگدانەوەیەکەوە دەردەکەوێت. کەواتە چی بەسەر ئەم خودە دەت کاتێک ئەم وەنەیە لە وەنەیەکی تردا جگە لە وەنەی خۆی بنیات بنرێت کە وەنەیەکی خۆپەرستە؟
لەم هاوکێشەیەوە دەتوانن بڵێین، لە سۆشیاڵمیدیا، لەو قەناغەی کە گرتەی خەمان دەگرین، فۆرمێکی تری ناسنامە لەدایک دەبێت، بەشێکی دیکەی مرۆڤ، پێیوەندی بە ئایدیاڵی ئیگۆوە هەیە و پێی دڵێین: ئاڤاتاری.

هەموومان یەکێکمان هەین، ئەگەر لە کایەی مەجازیدا بوونمکمان هەبێت، ئەوا ناسنامەی دیجیتاڵی ئەمەیە. ئەم ئاڤاتارە دەتوانێت پڕۆفایلی ئەمە بێت لە تۆڕەکی کۆمەڵایەتیدا. ناسنامەکەمان چەندە زیادەڕەوی تێدا بکرێت، بەشەکە لە ئەمە. دەبێت حیساب بە سوبژەکتیڤیتی زیادکراو بکەین کە لەگەڵ جۆستەی زیادکراودا بێت لەگەڵ ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە: خودی هۆشیار و نائاگایی ڕاستەقینە کە ناسنامەی مەجازیمانە، گەدار، ناوەڵناوە (سوژەی مەجازی) ئەو خودە دیجیتاڵییە کە دەستی لەدەین و پەکی دەهێنێنەوە، بەجۆرێک ئەمە بەردەوام دەست لە وێنەکەمان دەدەین.

پۆست مۆدێرنیتە و هایپەر مۆدێرنیتە

سایانی حەفتاکان، هەرێک لە (ژان فرانسوا لیۆتار و میشێل مافیسۆلی) یەکێک لە دوا لایەنگرانی پۆست مۆدێرنیزم، وشەی پۆست مۆدێرنیان بەکارهێنا، پاشان (جیل لیپۆڤێتسکی) نووسەری کتێبی (سەردەمی بەشایی) بەیاری دا دەستبەرداری دەستەواژەی پۆست مۆدێرنیتە بێت. بەبەوای ئەو قسەکردن لەسەر پۆست مۆدێرنیتە ئەوە دەگەیەنێت کە مۆدێرنیتە تەواو بووە و ئەمە لە دوای قۆناغی مۆدێرنیتەین. ئەوپەی وابوو ئەمە لە پۆست مۆدێرنیتەدا نین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە مۆدێرنیتەیەکدا دین کە لە فراوانبوونەکی تەواودایە، لە ئاشکرابوونی تەواودا. بەواتای هایپەرمۆدێرنیتە، مۆدێرنیتەیەک لە زیادەڕەویدا. بەڵاستی ئەوەی ئەمە هایپەرە، هایپەرمارکێت، هایپەرکۆنتێنت. هەموو شتێک لەبەردەستدایە، لە زەر و کەم.
هایپەرمۆدێرنیتی لەسەر ئەو بناغانە بنیاتنراوە کە پێشتر لە پۆستمۆدێرنیتەدا دیدەزینەوە بەڵام هەزی سەرووتریان هەیە. دەتوانین سەرمایەداریی، تاکگەرایی زیاد، هاوکات پێشبەکێیەکی هەمنانە بە بەختەوەری، سەرکەوتن، بدەزینەوە، ئەمە لە ساتەوەختی ئێستادا دەژین.
گەدار پێی وایە، لە پەوەرەکانی پۆست و هایپەرمۆدێرنیتیدا دەتوانین عەقڵی کشاوە و ناسنامەی تێکشکاو و پەرشوبڵاو و پارچەپارچە زیاد بکەین. ئەوەندەی ناسنامە هەیە کە پەیوەندییەکان هەن، من لە شوێنی کارەکەمدا، من و هاوڕێکانم، من و کەسایەتییە دەخوازەکانم، ئەوەندە ناسنامەی بەشکراو، بەڵام لەبیرمان نەچێت کە ئەمە لە کەمەگایەکی پارادکسیالدان.
بەدیدی گەدار، لەگەڵ هاتنی مەجازییەت دەستمان بە نوێنەرایەتییەکی نوێی کات و شوێن گەیشتووە. ئەمە چیتر مامەڵە لەگەڵ پشکشکاریدا

ناکەین بەکووە مامەڵە لەگەڵ ئەو شتەدا دەکەین کە گەدار پێی دەڵێت: چرکەساتی، (چرکەساتی کلیک).
تایبەتمەندی کامێراگای هایپەر مەدەرن بە وردی ئەوەیە کە کامێراگایەکی هەنووکەیی، بە تاقەتی، پڵەکردن، لە هەموو شتێک کەدەماناوێت دەستبەجێ هەبێت، ئامێش لە فۆتۆمی ئێرە و ئێستادا کورتی دەبێتەوە.
ئەم نوێنەرایەتییە نوێیەی کات ئیتر ئێستاگرایی پێستمەدێرنیستی نییە، بەکووە چرکەساتییە. (لێرە و ئێستا) دووهاوتەریبی دروست دەکات لەبەرئەوەی تاکە بەشایی نەوان ئێرە و ئێستا (واو)ێکەو. ئەوە زۆر نییە! چ شوێنێک بە بوون؟ ئامێش کولتووورێکی هەنووکەیی دروست دەکات. کولتووری دۆتاوکەی ساتووختی، ئەمە دۆتاوکەیێک نییە کە پڕژەی هزری لەسەر بینا بکرێت، بەکووە ساتووختێکی بەشە. گەدار، سەبارەت بە پەیوەندیگرتن لە بەشایێدا، پێی وایە: مەجازییەت مەودای هەوەشاندووەتەوە، مرۆڤ دەتوانێت کەبووونەوەی ۱۰ هەزار کەسی دروست بکات بەبێ ئەوەی لەسەر کورسییەکەی بجووڵێت.

گۆڕینی پارادایمی دووەم

گەدار، بە وەرگام دانەوەی پرسیاری بەچی بیرکردنەوە لە ڕۆژئاوا فەلسەفییە؟ ئەم پاڕادایمە شی دەکاتەوە... سەکرات ووداوەکی گەورەی دروست کرد، دابڕانێکی ئیپستمەلۆژی، پێش سەکرات بیرمەند هەبوون، (پێش سەکراتییەکان)هەبوون بە بیرکەری زۆر چەوە، یەکەم میتافیزیکزانەکان، یەکەم بیرکارەکان، تالیس، فیساگوراس، هەراکلیتەس..تاد بەڵام بەچی هەشتا بە مانای وشەیی باسی فەلسەفە ناکەین و هاتنی فەلسەفە لەگەڵ سەکراتدایە کەدەرکەوتنی (لۆگۆس) ووددات.
پێش سەکراتەکان دیدگایێک بە جیهان تەکەڵاو دەکەن، تێیدا هەم ڕوانگەیەکی عەقڵانی و هەم ڕوانگەیەکی ئەفسانەیی هەیە. ئەوان لە فابولادان، لە چیرۆکەکەدان، هەشتا لە خەنیشاندانی عەقڵانیدا نین. لۆگۆس سەکراتدا ئەومرۆڤە دەت کە بە عەقڵ بەخشراوە، لە ڕۆگەی نمایشی عەقڵانییەوە کەک لە عەقڵانییەتی خەی وەردەگرێت، ئەوە هاتنی لۆگۆس؛ لۆگۆس. تا ئامێش کولتووری زانستی لەسەر بنەمای لۆگۆس دامەزراوە و زاراوەی "لۆژی" لە هەموو دیسیپلینەکاندا دەبینینەوە: سایکۆلۆژی، سیسیۆلۆژی، ئەنتەپۆلۆژی...هتد
گەدار پێی وایە، لەم دیدگایەی جیهاندا پرسی لۆگۆس، دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. ئەو باس لە هاتنی شێوازێکی نوێی تێگەیشتن لە جیهان دەکات کە ئێستا لە ڕۆگەی شاشیکەوە ئەنجام دەدرێت. بە نموونە هەر کە گەیشتیتە مەزڵخانە، ئامێرەکەت دەبێیت بە ئەوەی لە ڕۆگەی شاشکەتەوە بیبینیت. یەکەم دیدگای ئەمە بە جیهان لە ڕۆگەی

شاشەکەمانەوەیە،
ئەم سەرهەڵدانی پرسی جیهانبینییە. پەیوەندیمان بە مۆجازییەوە، بە وێنەوە، وامان لێدەکات بە شێوەیەکی نوێ نوێنەرایەتی جیهان بکەین. ئەمەیە کە گەدار ناوی لێناوە؛ هاتنی ئیدەلۆن. لە میتافۆری (پلاتۆن)دا بە ئێشکەوتەکە، دەتوانرێت ئیدەلۆن بە وێنە سیموکراسییەکانی سەبەرەکانی سەر دیواری ئێشکەوتەکە وەربگەڕدرێت. گەدار ناوی لە دەنێت ئیدەلۆن یان وێنەی ڕاگوزار/ کاتی.
حوکمڕانی ئیدەلۆن چییە؟ ئەو حوکمڕانییە کە بەدوای یەکتردا دەگۆڕن بەبێ ئەوەی مەرج بێت گۆڕانێوەیەک دروست بکەن، پێستکردنی یەک لە دوای یەک، وەک لە سناپچاتدا هەیە. ڕیالیتی تیڤی یەک لە دوای یەک وێنەی بە چیرۆکە، بەبێ سیناریۆی پێشوەختە، کە پشت بە هەست و سۆز دەبەستێت. ئەگەر دژایەتی لەگەڵکان بکرێت بە ئیدەلۆن، لەگەڵ ئەم یەک لە دوای یەک پێستکردنەدا وێنەی بە گۆڕانێوە، دەستەاتی کەمەگەیەکی ئۆفکتەکان دادەمەزرێنیت.
ئەم شانشینی ئیدەلۆنە، وێنەی کاتی، بەبێ ئەوەی مەرج بێت چیرۆکێک دروست بکات، بەبێ ئەوەی مەرج بێت مانای هەبێت و کە بە چی بەیەکەوە گرێ دەدرێن؟
گەدار بە ڕوونکردنەوەی ئەم نموونەی منداڵێکی یەک ساڵان دەهێنێتەوە کە دایکی بە تەنیا دەژی، سەرەتا چی دەکات؟ لە مۆبایلە زیرەکەکەیەوە وێنەی دەگرێت. دووەم شت چییە کە دەیکات؟ سەیری دەکات. وە دواتر ئەم منداڵە چی دەکات، کە لە ڕاستیدا ئەو شتەی پەیوەندیدارە؟ دەت و خەی لە قیدیۆکەدا دەبینێت. پاشان پەستی دەکات. لە تەک کەمەڵایەتیەکان یان کەسیەکان، هەڵبژاردن هەیە. ئەم منداڵە ئاگاداری کاتیی نییە، نە لە قەناغی ئاوێنەیی، نە لە سوبژەکتیڤی خەی. ئەمە ماەک لەگەڵ منداڵێکدا دەکەین کە پێش ئەوەی خەی وەکوو سوبژەکتێک بنیات بنێت، خەی دەبینێت کە بەبێ ئەوەی ئاگاداری کات بێت، نواندن دەکات، خەی دەبینێت هەنگاو دەنێت، خەی وەک سوبژەکتێک ناناسێت، خەی دەبینێت لە مۆبایلەکی زیرەکدا ڕاگەڕێت، لە هەموو ئەو ماوەیەدا بابەتی کراوە. تەنانەت پێش گەشەسەندنی زمان، خەئاگاداری، هۆشیاریی کات... ئاگایی دەروونییەکی، لەبەری زمان، لە وێنە، وێنەی کاتییەوە بنیات دەنرێت.
گەدار سڤی بە زمانێکی نوێی پێناسەدەکات، شێوازێک بە وەرگەڕانی جیهان لە وێنەی کاتییەوە، لە کایەی ئیدەلۆنەوە، لە وێنەی گفتوگۆییەوە.

منی دیجیتاڵی

گرفتی شوناس لای گەدار یەکێکە ئاڵناگارییە سەرەکییەکان بەو پێیەی

ئەم لە تاکگرایی زەردا خەمان بەرەوپێش دەبەین. سەیری کێم کارداشیان بکەن کە تەنها لە ڕەگەی خۆ براندکردنەوە بوونی هەیە. خود بووەتە براندێک کە دەبێت پڕەی پێبدرێت، ناوەندی هەموو شتێکە. لە ئەنجامدا دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە ئەوانی تر وەک ئامرازێک سەیری دەکەن. ئایا ئەم کێشەیەکی نەرگسیە؟

لە نەرگسیزم وەک ئەوەی فرەید پڕەی پێداوە،

ئەو کەسانەی لە سەشیال میدیادا زیاد لە پێویست نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن، دیارە کێشەیەکی نەرگسییان هەیە، کەموکوێیەکی نەرگسییان هەیە. هەرگیز ڕازی نابن و تەنانەت بەکی باوەڕپێنەکراو لە لایک بەس نییە بە ئەوەی هەست بە بەها بکەن. سەڕفییەکانیان تەنها دەمامکێکی کەمەایەتییە وەک ماسکی ژنان کە بە دانانی ماکیاژ، دیانەوەت ڕووخساری خۆیان لە باشترین ڕووناکیدا نیشان بدەن، ئەم دەمامکێکی مەجازییە.

بۆچی پێویستە ئەوەندە خەمان نیشان بدەین؟ ئایا ئەم دەی کێشەکە؟ چی لە مەترسیدایە؟ بۆچی ئەوەندە وێنە پێست بکەین؟

لە پێویستی خۆشەویستییەوە، هەستکردنە بە ناسینەوە لە چاوی ئەوانی تردا، هەستکردن بە بوون. مەسەلەکە بینینە، (من دەمەوێت ببینرێم چونکە بوونی من پشتڕاست دەکاتەوە) بیرکەکە ئەوەیە نەمرم، ئەوە شەوازێکە بە بەرەنگاربوونەوەی تەرس لە مەردن. لە تەڕە کەمەایەتیەکان هەرگیز نامرین. بەڵام کە میراتەکە بەدەست دەهێنێت؟ ئایا منداڵەکانتان دەتوانن دەستیان بگات بە هەموو ئیمەیڵەکانتان، بە درێژایی ژیانتان؟ ئایا پێویستە میراتگرمان هەبێت؟ سادە نییە.

لە دوای سەڕفیدا، شەوازێکی نوێی بانگەشەکردن دادەمەزرێت، خۆ-مارکەکردن، پێشانگایەک کە چیتر پارەزراوی کەسایەتییە میدیاییەکان یان ئەستێرەکانی ڕیاڵیتی تیڤی نییە. هەموو کەسێک دەتوانێت لە ڕەگەی تەڕە کەمەایەتییەکانەوە ئەو وێنەیە دروست بکات و لە قاڵب بدات کە ئارەزووی پیشاندانی دەکات. "ئەگەر کێم کارداشیان سەڕفیەکەی کردبێتە هەمای بازرگانی خۆی و لە سەرووی هەمووشیانەوە بزنسێکی ڕاستەقینە، هەموو کەسێک خۆی لە یەک ڕەبازدا نابینێتەوە". وە خۆبەرزکردنەوە، لە تەمارێکی بەناودا، دەتوانێت فەرمێکی دیکە لە ڕێکلامی پاک وەربگرێت، فەرمی خۆبەگەورەزانین.

خراپی ئەم هەوڵە بۆ بەرکەوتن ئەوەیە کە سەڕفیەکە ناسکییەکی نەرگسیش ئاشکرا دەکات، چونکە شانەگەری و ئایکۆنکردنی ناسنامەی مرۆڤ بۆ دەرئەنجام نییە بۆ هاوسەنگی هەر کەسێک و ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەڕاستی سەڕفی ڕەهەندێکی نوێی کەسایەتی ئەمەی هەناوەتە دەرەوە، کە گەدار ناوی لە دەنێت "منی دیجیتاڵی".

من لە دیجتاڵ دەتوانم دەستکاری و گۆڕکردنی ئەم ناسنامەی خۆم بکەم، لە ژیگەی کاریگەری و فلتەرکانەوە، وەک لە بەرنامەی "ئینستاگرام"دا: " منی دیجیتاڵی بە فۆرمێک تێدەگەین کە پاشکۆیی دەردەکەوێت: ئێمە لە ژیگەی دەست لێدانەوە دەستمان بە خۆمان دەگات و چیتر لە ژیگەی بیرکردنەوە، ناسینەوە یان پێشبینیکردنەوە دەرگیری خۆمان نابین. ئێمە یاری بە خۆمان دەکەین وەک ئاوەی منداڵێکی تازە لێدایکبوو لە ژیگەی دەست لێدانەوە فێری بێت و جیهان بدەزێتەوە.
هەروەها ئەو گۆڕانکارییە پارادایمانەی کە بەهەی دەستبەجێیی وێنەکەوە هێناوەتە ئاراوە، کاریگەرییان لەسەر پێوەندییە سەزداریێکانمان هەیە. بەنموونە خێراویستی ئیتر ئاوەند پێوەندی بە پابەندبوونەوە نییە، ئاوەند پێوەندی بە شتێکی بەکارهێناوەوە هەیە. لە دەرەوەی حوکمدانی بەها لەسەر ئەپکانی پێوەندی خێراویستی، گەدار ئاماژە بە پێوەندییە نوێیەکەمان لەگەڵ دیدگای ژن و مێردا دەکات: "کات چیتر بە ژن و مێردەکە نییە بە مانای ئێستا و کلاسیکی زاراوەکە، واتە دوو کەس کە پێکەوە دەژین و خەیان بە ژیانی درێژخایەن پابەند دەکەن (ئەمەش واتای چەمکێکی تەقلیدییە بە شوێن و کات)، کە پێمانێکی ڕاستەقینە یان سەمبولی پێکدەهێنن (…). هەروەها تێپەڕین بە جیهان hic et nunc ئاماژەیە بە بەپەلەیی، بەکارهێنانی خێرا، ئارەزووی تێربوون تێنانێت پێش ئاوەی ئارەزووی سەرهەڵبدات.
ئەو سەڵفییەی کە نوێنرایەتیکردنی مرۆڤی سادە دەکات، بەاوبوونەوەی وێنەی خوێنکانمان، کشانەوە بەهەز دەکات. وەک ئێلسا گەدار ئاماژەی پێدەکات، وەک کردەوەیێکی تاکەکەسی دەمێنێتەوە، بەبێ ئاویتربوون. دەنگدانەوەیێکی بێکۆتایی، لە mise en abyme سەرسوڕهێنەر دروستکراوە. لەم خولگە ئیگۆسێنتریکەدا، کە خولگەیێکی خەدرێژکردنەوە، ئێستەم کەمیێکان و پێچوانکان و نەبوونیێکان لە دڵی پێوەندییەکانی مرۆڤدا بناسێنرێت.
بە زانیاری زیاتر لەسەر ئەم پرسە بڕوانە

ڵزا غودار: أنا أوسيلفي إذن أنا موجود؛ تحولات الأنا في العصر الافتراضي. ترجمة،
سعيد بنكراد. الناشر المركز السقافي الكتاب، دار بيضاء/المغرب، الطبعة الأولى 2019.
/…https://le-cera.com/elsa-godart-selfie-suis

یەحیا حەسەن ئەو شاعیرەی کۆمەلگەی دانمارکی هەژاند

تێبینی:
ئەم نووسینە لە ٢٠١٤ بۆ باوبۆوە لە دەنگۆکان کە لە خوارەوە لینکەکەی دادەنەم.. بۆ داخۆ بۆ هەکاری کۆشەی تەکنیکی ئەرشیفی ئەو سائیتەی دەنگۆکان ناوی وەرگێ کە لە دانیمارکییەوە بابەتەکەی وەرگێاوە پێیو… هیوادارین ئەگەر چاوی بەم بابەتەی خۆی کەوت پێیوەندیمان پێوەبکات..

یەحیا حەسەن ی شاعیر و گەنج لە ١٩/٥/١٩٩٥ لە دایک بوو وە لە کاتی وەرگێانی ئەم بابەتە هەشتا لە ژیان دا بوو بە داخەوە ڕۆژی ٢٩/٤/٢٠٢٠ بە مردوویی لە ناو ئەپارتمانەکەی دەزرایەوە..
(دەنگۆکان)

یەحیا حەسەن کوێکی گەنجە لە 19.5.1995 لە دانمارك لە خێزانێکی بەهەچەەك فەلەستینی لە دایك بووە. کاتێك بچووکتر بووە دەزگاکانی کۆمەڵایەتی لە دایك و باوکی دەسێنن و لای خێزانێکی دانمارکی دایدەنێن تا بەخێوی بکەن.
لە 17.10.2013 یەکەمین کۆمەڵە شیعری لە لایەن دەزگای گویلندندال بۆ چاپ کرا.
یەحیا حەسەن شیعرەکانی بە زمانی دانمارکی دەنووسێت. ئێستا دوای دوو مانگ بەسەر دەرچوونی ئەم دیوانە شیعرە زێتر لە 100000 دانەی لێفرۆشراوە. ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە لە دانمارك بۆ کەسێك کە یەکەم دیوانی دەربکات. ژمارەی پێشوو 95000 دانەیە و لە ساڵی 1977 تۆمار کراوە.
هەروەها مافی وەرگێان و لەچاپدانی تا ئەم ساتە فرۆشراوەتە ووڵاتانی نەرویج و هۆڵەندا و ئیتالیا و ئەڵمانیا.
میدیاکانی دانمارك بە هەموو شێوەکانیانەوە هەموو ڕۆژێك باسی دەکەن. لە هەمان کاتدا میدیاکانی ئەمەریکا و زۆر ووڵاتانی تری ئەورووپا باس و خواسی ئەم شاعیرە بە سەرنجەوە دەگوازنەوە. کۆمەێك هەکاری گرنگ هەن کە وایان کردووە ئەم گەنجە وا بەم جۆرە ببێتە مایەی سەرنج و باسکردن.

ڕەخنەگران و نووسەرانی ڕۆشنبیری و میدیاکان زۆر بە ئەرێنی ڕووناکییان خستۆتە سەر دیوانەکە، کە باس لە سەردەمی منداڵی و گەشەکردنی شاعیرەکە دەکات لە کەش و هەوایەکی پڕ توندوتیژی و تاوان و فەرامۆشکردندا. لە هەمان کاتدا ئەم شاعیرە لە دیوانەکەیدا ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی باوك و دایکی خۆی و هەموو بڕگانە هاوتەمەنەکانی ئەوان دەکات.
شیعرەکان زۆر بوێرانە پەردە لەسەر ژیانی ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکانە لادەدات کە بە دووڕوویی و فرت و فێڵ و بێ ڕەوشت و بی بەها دەژین. شیعرەکان هاوارێکن بەرووی ئەو کەسانە دەتەقنەوە کە ژیانی هەزاران گەنجی وەکو یەحیایان کردۆتە دۆزەخ لە ژێر ناوی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و پەروەردەی ناڕاست و نادروست. ئەم جۆرە ڕەفتارەی لە لایەن دایك و باوکانەوە لە نێو ئەو کۆمەڵگا بچووکە داخراوانەی بڕگانەکان لە ئەوروپا کە بوونەتە هۆی ئەوەی یەحیا و هەزارانی وەك ئەو لە گەشەکردنکی ئاسایی و منداڵییەکی ئاسوودە و کامەران و ڕاست بێبەش بن و هەر لە منداڵییەوە شوێنی ئاسایی خۆیان لە قوتابخانەکان نەگرن و لە جیاتی خوێندن و مەعریفەت وەدەسهێنان ڕێگای خراپەکاری و نارکۆ و دزی و تاوان و ڕاووت و جەردەیی بگرنەبەر.
یەحیا خۆی ساڵك لەمەوبەر لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیر کراوە بە تۆمەتی ڕاوروت و دزی. ئێستا لە قوتابخانەی نووسەران دەخوێنێ، ئەو قوتابخانەیەی نووسەری بە توانا بۆ دوارۆژ ئامادە دەکات.
بڕگومان ئەو بارەی ئەم شاعیرە لاوەی تێکەوتووە هەمیشە بۆ کێشە گرفت نییە.
ئەوەی هیچ گومانی تێدا نییە یەحیا حەسەن شاعیرێکی تا بڵێی تووڕەیە. تووڕەییەکەی لەوە دێت کە بریندارە و برینەکانیشی زۆر گرانن.
لەمیانی شیعرەکانی بەشێك لەڕەخنەکانی ئاراستەی دووڕوویی ئەو کەسانە دەکات کە لە ژێر پەردەی ئایینەوە، بەتایبەتی موسلمانەکان، ڕەفتاری نابەجێ دەگرنەبەر و چەندەها خراپەکاری ئەنجام دەدەن.
ئەم ڕەخنە تووندوو تیژانە بڕگومان وایان کردووە کە کۆمەڵە کەسانێك کاردانەوەی زۆر توندییان هەبێ و هەڕەشەی توند و ترسناك و تۆقێنەر لە یەحیا بکەن. تەنانەت هەندێك بە هەڕگەواوە لە کولتوور و ئایینی باوك و باپیرانی تاوانباری دەکەن و مۆری ناپاکی لە نێوچەوان دەدەن.
هەڕەشەکان زۆر جیددین بەڕادەیك ئێستا ئەو شاعیرە لاوە 24 سەعات لەلایەن پۆلیسەوە پارێزگاری لە ژیانی دەکرێت. لە ئێوارە کۆتکی شیعر خوێندنەوە لە یەکێ لە زانکۆکان زیتر لە هەزار کەس دەیانویست

ئامادەبن بەڵام هەڵەکە تەنیا جێگای 180 کەسی تێدابوو. کەمەڵك لە نەیارانی لەدەرەوەی هەڵەکە دەنگی هاوار و هەڕەشەیان بەرز کردبووەوە.
هەر لە هەمان هەفتەدا لە کاتی چاوەڕوانی شەمەندەفەردا لە وێستگەی ناوەندی کۆپنهاگن کەسێك هێرشی کردەسەر و زامداری کرد. تاوانبارەکە دەسگیر کراو لە دادگا 5 مانگ زیندانی بڕ بڕایەوە. یەحیا حەسەن کە وەکو شایەت ئامادەی دادگابوو ووتی من ئەو کابرایە ناناسم و دادگاش هەرچییەکی لێدەکات پەیوەندی بە منەوە نییە.
ئێوارەی 26.11.2013 کەڵکی تری بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی لە شاری ئێدینسە بەست. ژمارەی ئەو پۆلیسانەی بۆ پاراستنی ڕەوشی کەڵەکە و دەوروبەری کاریان دەکرد دەگەیشتە 150 پۆلیس. لە مێژووی ئەم شارەدا پۆلیس ئەرکی وا مەزنی پێنەسپێردراوە.
کەناڵی تی ڤی 2 کە کەناڵکی سەرەکی تەلەفزیۆنە لە دانمارك سەعات و نیوێکی بۆ گواستنەوەی
ڕاستەوخۆی کەڵەکە تەرخان کردبوو. ئەمە لە کاتێکدابوو کە پارتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان گفتوگۆی توندیان لەسەر بودجە ساڵی 2014 هەبوو. تەلەفزیۆنەکە لە جیاتی گفتوگۆ سیاسیەکان کەڵەکەی پێشان دەدا.
لە کۆتایی ئەم پێشەکیە کورتە حەز دەکەم ئاماژە بە خاڵێك بدەم. ئەو کێشانەی لە ووڵاتێکی وەکو دانمارك و ووڵاتە ئەوروپییەکانی تردا هەن و پەیوەندیان بە ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی بێگانە و مهاجیرەکان هەیە، کێشەی زۆر گەورە و جیددین. لەوانەیە کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندە سەنگاییان نەبێت.
لێرەدا چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی یەحیا حەسەن ڕاستەوخۆ لە دانمارکییەوە دەکەمە کوردی.

منداڵی

پێنج منداڵ بەیز وەستاون… باوکێك دارێکی بەدەستەوەیە
یەك دنیا قیژە و گریان و گۆمێك میز لە بەر پێیان
بۆ پێشبینی
بە نێرە دەستمان ڕەپێش دەکەین
خۆشکەکەم زۆر خیرا لەسەر ئەم پێیەی بۆ سەر ئەو پێیەی
هەڵدەپەڕێ
میز تاقگەی بەستووە بە نێو قاچەکانیدا
جارێك ئەم دەستە و دواتر ئەوی تریان
ئەگەر دەستەکە درەنگ هاتە پێش لێدانەکە کۆڕانە بەر شوێنیك دەکەوێ لێدانێك، قیژەیەك، ژمارەیەك، 30 یان 40…هەندێ جار 50

لە راکردن بێ دەرەوە، دوا لێدان بەر لنگ و لەتەر دەکەوێ
هەردوو شانەکانی براکەم دەگرێ و راستی دەکاتەوە
بەردەوام دەبێ و لێدانەکان دەژمێرێ.
سەرم شێ دەکەمەوە و چاوەوانی نێرەی خۆم
دایکم قاپەکان لە دەرگای دەرەوە دەشکێنێت
لە هەمان کاتدا تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە
وێنەی بولدۆزەری بەکار و لاشەی لەت و پەت بوو دەگوازێتەوە
لە کەرتی غەززەدا خێرەتاوە.

———

پێشبینی نەکردن لە فێبریوەردا

هێمنی هێمنییە و
خێسکانە گەشە دەکات
دۆزەخی تێ هی منە
بەو ئومێدەی لەسەر نووکی پەنجەکانمەوەیە، من داگیری دەکەم
مەسەلەکە بەو رادەیە ئاسانە
چاوەکانی تێ خەیاڵکن
پارانێیای من شەوانە پێدەکەنێت
من لە هێش خۆم نیم و لە هەوادا دەلەنگێمەوە
بێ رەگەز، لە هەوایەکی رووتدا
لە نێو بیرکردنەوەدا تەقەڵە لێدەدەم
لە مانگی فێبریوەردا خەونکم بوو
ئیتر هێشاربە ماچەکانت دەخەیتە کۆ
دوور نییە بەو شۆنەوە بنووسن و لێی نەبنەوە
تێ هەندێ شت دەڵێیت و من هەندێ
بەڵام من ناتوانم هەروا بە دوای بگەڵم و پاشتر بەلاوەی نێم
جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنم و سەیری خێرهەاتنکی تر دەکەم
دەبێ ئەمە تێ بیت
سوتووی جگەرەکە دادەماڵم
شەرابی نێو کارتێنەکە لە شیعر بەتاڵ دەکەم
پێت دەڵێم بریسکەت بکە بە گریان
بەڵام ئاگادار بە
من هاوڵێیەکی ئەوتێم
زێر بە دووری مەزانە بێباك بم لێت
بەڵام بەر لەوەی چەند درزێك لە هەمیشەیدا بەدی بکەین
دەبێ بەری دارەکە بخەین و خیانەت لەخودا بکەین

دەبێ بە یەکەمجار لە ژیانماندا کێکایین بەلووت هەلمژین و
دڕژێك لە لەخۆبایيبوون بە گۆرانی بچڕین
پێویستە وا بکەین
ئەوان یەتڕپیاکان بە جیا لە خەونەکان سەردەبڕن
پیاوە جل رەشەکە خۆنی دێ دەکاتە زۆرابەکانەوە
هاوین هەم قەدەرە و هەم زیندان
منیش ترسنۆکێکی ئەوتۆم
خەون بە ئایندە لە باوەشی تۆدا دەبینم، بەڵام بێ ئەنجام
پارانۆیای من پێدەکەنێ و منیش لەگەڵی پێدەکەنم
دەڵێن هەڵسە لەخەو و بڵێنی دامێنی ئافرەت بکە
کەچی من گۆ لە ووشەکان بەردەدەم
رووم وەردەگێڕم
ئەوان ئازار دەچێژن
بەڵام ئەم شەڕە شەڕی من نییە
گۆشتی من نامێ کراوە
شڵستەکە هی من نییە
لە ژێر خۆرەتاودا خەندە دەکەم
زۆر حەز دەکەم بدوێم
بەڵام لەبارەی ئەمەوە نا
تێبینی دەکەم دەترسم
جگەرەیەکی تریش هەڵدەمژم
خۆت لەم تاریکییە بەدوور بگرە
هەموو ئەوانەی تۆیان خۆش دەوێت ئەم ئامۆژگارییەت دەکەن
هەموو دەیانەوێ سوارت بن
هێندەی تر نابات لەنێو چاڵێکدا بە مردوویی کەوتوویت
بە شیعرەکانی خۆت خنکاویت
قژی لوولی هەمێئاسات رزگارت ناکات
هێشتا زووە تاوەکو هەستت ناسك بێت
زووە تاوەکو جێنێك داگیرسێنیت و
ببیتە یەکێکی ئەوتۆ ڕێگای پەناوپێچ بگرێت
بێ ئەوەی هیچ کارێکت بە خواوە هەبێت
وەکو منداڵێکی بچووك بەجوولەی دەست مانۆاوایی دەکەم
یەك دوو سێ لە نێو نەمان و لە ناوچووندا

ڵڵڵڵڵ ڵڵڵڵڵ ڵڵڵ ڵڵڵڵڵڵڵڵ ڵڵڵڵڵڵڵڵ ڵڵڵڵڵڵڵڵ ڵڵڵڵڵڵڵڵ ڵڵڵڵڵڵ

شیعرێکی دی لە شاعیر (محەمەد قلینی)(*) یەوە.. و: نەژاد عزیز سورمێ

(1)
من ناوم محەمەد قلینی یە
شیعر دەنووسم
لە کۆمپانیایەکی جل و بەرگیش کار دەکەم
هەر دوو ئیش دژ بە یەك نین
ئەوەتانێ کۆگەیەکی گەورە
کراسی هاوردەی تیا کەڵەکە دەکەم
خەڵکی هەڵپەیانە بۆ کڕینیان..
ئەوەش دڵڕەکی گەورەتر
قەسیدەی لێ دا دەکەم
کە یارێکی نییەێ.

(2)
ژنەکەم دەڵێ: ماڵەکەمان زۆر کۆنە
ژووری منداڵان
جێی دوو پڕخەوی بچووکی لێ نابێتەوە..
هاتم بەیتە شیعرێکم نووسی
بە داڵانێکی فراوانەوە
ئینجا
دەستم ڕاهێشت و وتم:
(دەتوانین ئەمشەو لێرە بنووین)

(3)
هەمیشە داو و دەرزیم پێیە
تا هەر وەختێ دێم
شیعرێکی لێ دێتە دەرێ
پێی بدروومەوە.
ورگی بچووکم

□□گەم لە ناگرێ
تێکەڵ بە خەڵکی بم..
تەنێ شاعیران زۆری بەسەردا دەڕۆن
لەگەڵ ئەوەی
بە هۆی هەڵلووشینی شیعرە قەڵەوەکانی ئەوان
پەیدا بووە ..

(4)
لوولەی تفەنگەکانتان لە من بکەن
پەنجە بە پەلاپیتکەوە بنێن
هەموو ئەوەی ڕوو دەدا
مۆسیقا
لە خۆنبەرەکانمەوە دەردەپەڕێ
بۆوا بەوە مەکەن
شاعیرێك
بەو مۆدە کۆنباوانە بمرێ ..
جارێکیان دزێك
هەوڵی دا
چەقۆیەك لە سنگم بدا
کەس بۆوا ناکا
ئەو دزە
بوو بە ستراتیژێکی مەزن
منیش باوەڕم نەکرد
کە بینیم
هەموو گۆرانییەکانی (عبدالحلیم)
کۆ دەکاتەوە
کە لەبەر دڵم ڕۆیشتوون
بە بایەخەوە
گەرووی زبری لێ پێ دەکا..
بۆوام پێ بکەن
شاعیرێکی وەك من
قەت نامرێ
تەنیا لەو کاتەدا نەبێ
قەسیدەیەکی خراپ دەنووسێ.

و: نەژاد عزیز سورمێ

-_____

() [illegible] 1983 [illegible] – [illegible] : [illegible] (*) لە ماڵپەڕی (الیوم السابع)ـەوە 22ی شوباتی 2025 کراوە بە کوردی.

هەدیبە.. شیعری شەهلا نوری

هەدیبە...
سەفەرمەکە
ئاواتمان هەشتان لەژێر گرێی جادوو ئاخراون
نە لە ئایین و نە لە زانستدا باون
لە دڵۆپاوکێن
لە ئاوەڵاون
پێکەوە لە تەک خەونمان داپشراون ، زیندە بەچاڵ فڕێدراون
لەسەر تاوانباری کات
بەڵکیان لەژێرخەڵن
ئێنفال کراون
ئێمە هەشتان
باخی عیشق و خۆشەویستیمان خشدەوێت،
هیوامان زەر و باڵندەکان
دەنگۆشەی ئاهەنگمان بە بنەرن ،
فالانتاین بگەڕێن و
سەمای مەستانە ببەستن
گەژی بەیان شادبکەین و
باخچەی دڵان تەڕتەڕ دەکەین
هەدی بە...
وەک گەرانی کێن
لەسەردەمی ئەمستاکە خشم دەوی
تەی کەتری دەوری حەرەم
دوور لە ئاپڕا
تەنها تەوافی تەم دەوێ

هەدی بە...
تۆ ئەغر بکەیت
شیعر و پەخشان
وەک دەگرن !
دەفتەری شیعرم دەشوە
قەەەم
دەشکێ ،
فەرهەنگ دەدەە
وەک کەرپەەەیەکی ساوا
خۆ دەدوێنن
ئەقڕە ناگرن ،
یەخە بڕنادەن ناسڕەون
دە داگیر دەکەن
دەن و دەچەن
جێی تۆ دەگرن

شەهلا نوری

نامیلکە شیعری ئەلینا لە نووسینی هاوڕێ ڕەش بەاوکرایەوە

بە نوسینەوەی هەر حیکایەتێک نیشتیمانێکمان دەوە خاڵی بەت لە موحیبەت،خاڵی بەت لە هەموو ئەو جوانیانەی هەن تا کاتێک حیکایەتەکەمان نوسی باسی ئەو موحیبەت و جوانیە بکەین کە پەلی گرتین و وای کرد پەنجەکانمان تابلۆی ئەو پاەەوانانە بکەشن کە بونە بەشێک لە نەخشی ئەشق لە ژیانماندا تا بزانین جوانی ئەوان نەبوایە چیمان دەنوسی ؟
ئەم پەەتوکە زادەی مەفتەنێکی ئاەەزە دیوێکی باسی شەخ و شەنگیەتی ئەلینا و ئەو دیوارە زیندانیانە دەکا کە وایان کردووە خەڵ ئاشنایەتی نەبە بە چاوە سەوزەکانی دیوەکەی تری ئەو مل ملانێ و زەحمەتیانە دەخاتە ەوو کاتێک ئاشقی مەنوعیەتێک دەبیت لە ژیان و لەناو دەریایەکدا مەڵە دەکەی بە ئەوە بزانیت نغرەبون ئاسانترە

وەک لە پەلەقاژەی خۆزگار کردن،
پرسیارەکان لە ئەلینا قورسن ئەلینا خەیشی شیعرەکی نەخوەندراوەی هەزار وچوارسەد ساڵ پێش ئێستایە بەیە کاتێک بانگی دەکەم جانی جانان دەت هاوڕێ بە چاوەکانم مەبە قەرەج من ئەهلی ئەو مردنانم کە ژیان بەدووی خەی خستون.

ئەم نامیلکە شیعرییە لای ئەم کتێبفرۆشانە بەردەستە..

هەولێر
ناوەندی کولتوور، شاری مامۆستایان
ناوەندی مەم و زین، داونتاون
کتێبخانەی هەڤاڵبووک، نزیک مارکێتی کۆک
کۆشکی سیروان، نزیک مەچکۆ
ناوەندی رۆسا، داونتاون
کتێبفرۆشی رۆسا، ناو کتێبفرۆشان
کتێبخانەی تەبایی، ناو کتێبفرۆشان.

هەریر
کتێبخانەی هاوژین، ناوبازاڕ

سۆران
کتێبخانەی ئەحمەدی خانی

ڕەواندز
کتێبفرۆشی هەژار

دەهۆک
کتێبخانەی ئاترا

رانیە و چوارقورنە
کتێبخانەی ڕەهەند

قەڵادزێ
کۆشکی ژین، نزیکی باخچەی ناو شار

سلێمانی
کتێبخانەی بەختیاری